# هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

ئەحمەد حەمەدئەمین

## پێشەکی

شەڕی ناوخۆ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا(١٨٦١- ١٨٦٥)، بە دوای ئەوەوە هات کاتێك ویلایەتەکانی باشوور بڕیاری جیابوونەوەی خۆیاندا لە یەکگرتوویی ویلایەتەکاندا، لێرەشدا هاتنە پێشەوەی ئەم بارودۆخە ئەنجامی کەڵەکە بوونی چەند فاکتەرێك بوون، کە لە دووتوێی ئەم باسەدا هەوڵدەدەین وەك دەست نیشان کردنی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا باسیان لێوە بکەین.

باسەکە بەسەر دوو تەوەر دابەشکراوە، بەشی یەکەم تیایدا تیشك خراوەتە سەر بارودۆخی ئەمریکا بەر لە هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆو، تەوەری دووەمیش دەست نیشانی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شەڕەکە خراوەتە ڕوو.

لە کۆبەنیشدا چەند خاڵێك وەکو ئەنجام ڕیز بەند کراون.

هەڵبەتە لە باسی ئەکادیمیدا پێویستە پشت بە سەرچاوەی ڕەسەن ببەسترێت، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆربەی سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزین، ڕەنگە وەرگێڕانی زۆری بوێت‌و، یان هەندێکیان بەردەست نەبێت، بۆیە بۆ ئەم باسە پشتمان بەو سەرچاوانە بەستوە:" د. عبدالعزیز سلیمان نوار ود.محمود محمد جمال الدین، تاریخ الولایات المتحدة الامریکیة من القرن السادس عشر حتى القرن العشرین"و، " د. محمد محمود النیرب، المدخل في تاریخ الولایات المتحدة الامریکیة، الجزء الاول حتى ١٨٧٧"، کە هەر یەکەیان وەك سەرچاوەیەکی ئەکادیمی بە وردی باسیان لە بارودۆخ‌و خاڵە ناکۆکەکان کردووەو پەنجەیان بۆ ڕاکێشاوە، بۆیە بۆ باسەکەی ئێمە زۆرترین سوودیان لێوەرگیراوە، هەروەها لەگەڵ ئەم دوو سەرچاوەیەشدا، پشت بە چەند سەرچاوەیەکی دیکە بەستراوە کە لە ڕیز بەندی سەرچاوەکاندا ئاماژە بۆ ناوەکانیان کراوە.

دیارە ئەم باسە لە کەم‌و کورتی بەدوور نییە، بۆ دەخوازین لێیانەوە ئاگادار بکرێن، بۆ ئەوەی ببێتە هەوێنی باشتر کردنی باسەکانی داهاتوومان. خوای گەورە پشت‌و پەنای هەموو لایەکمان بێت.

# تەوەری یەکەم: بارودۆخ بەر لە سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ

لەگەڵ نزیك بوونەوە لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەم ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێشکەوتنی باشی بە خۆیەوەی بینی لە زۆربەی لایەنەکانی ژیاندا، بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا لەم سەروبەندە بە ڕوونی جۆرێك لە دابەش بوون لە نێوان ناوچەکانی باکوورو باشوور بەدی دەکرا، لەبەر ئەوەی هەرچەندە دەوڵەتەکە لەسەر بنەمای یەکێتی فیدراڵی هاتبووە دامەزراندن، کەچی لەم ماوەیەدا وەکو دوو دەوڵەت دەبینران، ئەوانیش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای باکوور، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای باشوور بوو. ئەوەشی ئەم جیاوازییەی بە زەقی بە دیارخست مەسەلەی پەرەسەندی ئابووری بوو، کاتێك ویلایەتەکانی باکوور بوون بە مەڵبەندی پیشەسازی‌و پارەو بازرگانی‌و، ویلایەتەیەکانی باشووریش بوون بە مەڵبەندی کشتوکاڵی، بەمەش هەردوولا بە ئاراستەیەکی جیاوازی ئابووری هەنگاویان دەنا، کە دواجار جیاوازی بیرکردنەوەو ژیانی تاکەکانی ئەم دوو هەرێمەو تەنانەت بەرژەوەندی سیاسی‌و دژ بە یەکی بە دوای خۆیدا هێنا[1].

شیاوی باسە، لەگەڵ هاتنە پێشەوەی ئەو بارودۆخە ناوخۆییەو پەیدابوونی ئاراستە جیاوازەکان تا دەهات ململانێیەکان زیاتر دەبوون لەسەر چەند ئاراستەیەکی جیاوازدا. لێرەشدا مەسەلەی باجی گومرگی یەکێك بوو لە ناکۆکییە هەرە گرنگەکان، کاتێك ئەم مەسەلەیە لە دوای سەربەخۆیی ئەمریکا خرایە ڕوو، کە مەبەستی سەرەکی تیایدا شانازی کردن بوو بە سەربەخۆیی سیاسییەوە، بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە دەوڵەت پێداویستییەکانی خۆی دەستبەر بکات، ئیتر لەو ئەنجامەوە دەوڵەت باجێکی گومرگی زۆری خستە سەر ئەو کەل‌وپەلانەی لە ئەورووپاوە دەهاتن، بەڵام لە لایەن ویلایەتەکانی باشوور جێگای نیگەرانی بوو، لەبەر ئەوەی ئابووری ئەو ناوچانە بەند بوو لەسەر بەرهەم هێنانی کشتوکاڵی‌و، دانیشتوانەکەی بەرهەمی سەرەتاییان بەرهەم دەهێناو ڕەوانەی دەرەوەیان دەکرد، بە داهاتەکەشی پێداویستە پیشەسازییەکانی ئەورووپایان دەکڕی، بەمەش بە دانانی ئەو باجانە نرخی کەل‌و پەلەکان بەرزدەبوویەوەو زیانی پێ دەگەیاندن[2].

ئەوەی ململانێیەکەی تونتر کرد ئەوە بوو کۆنگرێس لە ساڵی(١٨٢٣) یاسایەکی تایبەتی بە باجی تازە دەکرد، لە بەرانبەر ئەوەشدا ویلایەتی( کارۆلینای باشوور) دژی وەستایەوەو، دەرکردنی ئەم بڕیارەی بە قازانجی خاوەن پیشەسازییەکانی ویلایەتەکانی باکوور لێکدایەوە. ئیتر لە بەرانبەر ئەم یاسایە، بڕیاری جیابوونەوەی خۆیدا لە یەکگرتوویی ویلایەتەکاندا، بەڵام ئەم هەنگاوە بە توندی لە لایەن کۆنگرێس ڕەتکرایەوەو، ئەنجوومەنی ویلایەتەکەش ناچار پاشەکشەی لە بڕیارەکەی کرد، لەبەر ئەوەی ویلایەتەکانی دیکەی باشوور پشگیریان لە بڕیارەکەی نەکردو، (ئاندرو جاکسۆن) [3] سەرۆکی ئەو کاتەی ئەمریکاش هەڕەشەی بەکارهێنانی هەموو شێوازێکی کرد بۆ پارێزگاری لە یەکگرتووی ئەمریکا[1].

---

(١) د. عبدالعزيز سليمان نوار ود.محمود محمد جمال الدين، تاريخ الولايات المتحدة الامريكية من القرن السادس عشر حتى القرن العشرين، دار الفكر العربي، مصر، ١٩٩٩، ص ٨٨ ومابعدها.

(٢) د. محمد محمود النيرب، المدخل في تاريخ الولايات المتحدة الامريكية، الجزء الاول حتى ١٨٧٧، الطبعة الاولى، درا الثقافة الجديدة، مصر، ١٩٩٧، ص ٢٢١-٢٢٢.

(٣) ئەندرۆ جاکسۆن(١٨٢٩-١٨٣٧)، ڕۆڵی کاری هەبووە لە شۆڕشی ئەمریکا، ئەمەش وای کردووە پلەوپایەی سیاسی زۆر وەربگرێت‌و ناوبانگێکی نیشتمانی باشی هەبێت،(جاکسۆن) لە وانە بوو کە دژی سیستەمی کۆ دەنگی بوو لە ناو کۆنگرێسدا بۆ هەڵبژاردنی پاڵێوراو بۆ سەرۆکایەتی، چونکە بە دیموکراتی نەدەزانی. ناوبراو دامەزرێنەری پارتی دیموکراتییەو یەکەمین سەرۆك بوو بە دەنگدانی ڕاستەوخۆ بوو بە سەرۆکی ویلایەتە

**لە لایەکی دیکەشەوە، ڕۆڵی بانکی ناوەندی وەکو مەسەلەیەکی نیشتمانی لە ژیانی سیاسی ئەمریکا، سیمایەکی هەرێمایەتی وەرگرت، کاتێك بووە جێگای ناکۆکی نێوان ویلایەتەکانی باکوورو باشوور، چونکە باکوورییەکان لەگەڵ ڕێکخستنەوەی خەرجییە نیشتمانییەکان بوون،و، بوونی بانکێکی ناوەندی بە هێزیان بە پێویست دەزانی، بەڵام لە بەرانبەر ئەوەدا ویلایەتەکانی باشوور لە دژی ئەو هەنگاوە بوون بە بیانوونی ئەوەی ئەمە هۆکارێکە بۆ ئەوەی دەوڵەت یارمەتی پیاوانی خاوەن دەسەڵات،و پلەو پایەکان بدات بۆ زیاد کردنی سەروەت،و سامانیان(٢).**

**فرۆشتنی زەوییە سەربەخۆکان بۆ زیاد کردنی داهات،و فراوانخوازییەکان بەرەو ڕۆژئاوا، کێشە،و ململانێی بە دوای خۆیدا هێنا کاتێك کۆنگرێس ڕێگەی ئەوەی گرتەبەر فرۆشتنی زەوییەکان بدرێت بەم کەسانەی باج دەدەن، کاتێکیش ئەم شێوازە بە سەرپێچی کردن لە دیموکراتی،و پەکخستنی پرۆسەی لە ناوبردنی هەژاری لە ناوچە پیشەسازییەکان لێکدرایەوە، وایان بەباش زانی کە ئەو زەویانە بێ بەرانبەر بدرێت بە داگیرگەکان. ئەمەش ئاسایی بوو خاوەن پیشەسازییەکان لەبەر مەترسی کەم بوونەوەی دەستی کرێکار لە دژی بوەستنەوە، کە بە هەمان شێوە لای باشوورییەکانیش پەسەند نەبوو، چونکە نەیان دەویست سیستەمێکی ئابووری سەربەخۆ لە زەوییەکانی ڕۆژئاوا دروست بێت، پێچەوانەی سیستەمەکەی ئەوان بێت کە لەسەر کۆیلایەتی بنیاد نرا بوو، جگە لەوەش مەبەستیان بوو دەست بەسەر ئەو زەوییانە دابگرن، بۆ قەرەبوو کردنەوەی زەوییە بێ پیتەکانی خۆیان لە لایەك،و، زیاد کردنی ژمارەی ویلایەتەکانی پشت بەستوو بە سیستەمی کۆیەلایەتی لە لایەکی دی، بۆ ئەوەی لە رووی سیاسییەوە سوودیان لێوەربگرن. لێرەشدا ئەگەرچی دیموکراتەکان،و کۆمارییەکان(٣) ڕێکەوتن بە دەرکردنی یاسایەك لە کۆنگرێس کە ڕێگای دابوو زەوی بێ بەرانبەر بدرێ بە وانەی ئارەزووی نیشتەجێ بوونیان هەیە، بەڵام ئەمەش توانای چارەسەری یەکلاکەرەوە نەبوو، ئەگەر بزانین دیموکراتەکان دووبارە لە دژی وەستانەوە. ئەنجام چارەسەرکردنە بۆ کاتێکی نادیار لە داهاتوو دواخرا(٤).**

**یەکێکی دیکە لە کێشە،و گرفتەکانی ئەم سەردەمە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، کە سەرەتاکانی دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی داگیرکاری بریتانی، بوونی ژمارەیەکی زۆری کۆیلە بوو، لێرەشدا مەسەلەی ئازاد کردنیان لە نێوان ویلایەتەکانی باکوورو باشوور لە ئاستێکی ئابوورییەوە گواسترایەوە بۆ ئاستێکی کۆمەڵایەتی،و دواتریش سیاسی، چونکە لە ئەمریکا ژمارەیەکی زۆر لە کۆیلە بوونیان هەبوو، کاتێکیش کە دەستوور دارێژرا لە**

---

یەکگرتووەکانی ئەمریکا. فریشتە نورائی، مێژووی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی،و سیاسیی ئەمریکا، وەرگێڕانی: هەورامان فەریق کریم، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی دهۆك، ٢٠٠٧، ل٨٠-٨١.

(١) د. عبدالعزیز سلیمان نوار ود.محمود محمد جمال الدین، تاریخ الولایات المتحدة الامریکیة...، ص ١٠٧؛ موجز التاریخ الامریکي، مکتب الولایات المتحدة للاستعمالات، قاهیرة، دون سنة الطبع، ص٨٩.

(٢) د. محمد محمود النیرب، المصدر السابق، ص ٢٢٢؛ فریشتە نورائی، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٨.

(٣) دیموکراتەکان،و کۆمارییەکان ئەمان دوو پارتی سەرەکی سەر گۆڕەپانی سیاسی ئەمریکان، کە سەرەتاکانی دامەزراندیان دەگەڕێتەوە بۆ سەروبەندی ئەم ناکۆکیانەی کە هاوڵاتیان کرد بە دوو گروپەوە، دیموکراتەکان بە سەرۆکایەتی( تۆماس جیفرسۆن)، کە لە ناو گەلدا پشتیوانییەکی باشی هەبووو پاڵپشتی لە فراوانکردنی دەسەڵاتی ویلایەتەکان دەکرد. کۆمارییەکانیش بە سەرۆکایەتی( ئەلگزەندەر هاملتۆن)ی ئۆرەستۆکراتی پارێزگار بوو کە بەلای بەهێز کردنی دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵ دایدەشکاند، ئیتر لەسەر ئەم بچینەیە پارتی کۆماری پارتێکی ئازادیخواز بووو پارێزگاری لە چینە هەژارەکان دەکردو بانگەشەی بۆ سەقامگیری دەسەڵاتی ویلایەتەکان دەکرد. پارتی دیموکراتیش پارتی چینە دەوڵەمەندەکان بوو، مەیلێکی پارێزگارانەی هەبووو دەیویست دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵ لەسەر حیسابی حکومەتە هەرێمییەکان بە هێز بێت. عبدالخالق عبدالله و ئەنوەر مستەفا، رژێمی سیاسی- قانونی ی ئەمریکا، گۆڤاری( سیاسەتی دەولی)، ژمارە(٤)، هەولێر، ١٩٩٤، ل ٦٦.

(٤) د. ئاراس فەریق زەینەڵ، مێژووی ئەمریکا لە کۆنەوە تا ئەمرۆ، چاپی یەکەم،چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، ٢٠١٠، ل ٢١٩-٢٢٠.

ساڵی(١٧٧٨)، ئەم مەسەلەیە خرایە بەر باس و لێکۆڵینەوەو، بەشێوەیەکی کاتی چارەسەر کرا[١]. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە ماوەی بەر لە شەڕی سەربەخۆو دواتریش بۆ نەمانی ئەم سیستەمە زۆر هەنگاونرا، ئەم جولانەوەیەش پاڵنەرێکی خۆی هەبوو بۆ ئازادی و سەربەخۆیی. لێرەشدا ئەگەر تەماشای هەڵوێستی دانیشتوانی ویلایەتەکانی باکوور بکەین سەبارەت بەو سیستەمە ئەوە دەبینین لە سەرەتاوە لەسەر یەك بیروڕا کۆك نەبوو، هەیان بوو لەگەڵ ئەوە بوو بە تەواوەتی نەمێنێت، هەشیان بوو وەکو( کۆمارییەکان) لەگەڵ سیستەمەکە نەبووو، ڕەتکردنەوەشیان بە ئاسان نەدەزانی. بەڵام بە تێکرا دانیشتوانەکانی باکوور لەگەڵ ئەوە نەبوون کە کۆیلایەتی بگوازرێتەوە بۆ ناوچەکانی ڕۆژئاواو، هەروەها بە پێویستیان دەزانی ئەم ڕژێمە لە باشووردا نەمێنێت، چونکە پێیان وابوو ئەم سیستەمە لەگەڵ بەرەوپێشەوە چوونی ژیان یەك ناگرێتەوە. لە بەرانبەر ئەمەدا کشتیارە گەورەکان لە ویلایەتەکانی باشوور لە دژی ئەمە وەستانەوە[٢]. ئیتر ئەم جیاوازیانە بوونە هۆکاری ململانێی نێوان کۆمارییەکان و دیموکراتەکان لە وەرگرتنی دەسەڵات، چونکە کۆمارییەکان بە باشیان نەدەزانی و، دیموکراتەکانیش بە یاسایان لە قەڵەمدەدا.

لە ڕاستیدا، سروشتی جوگرافیای ئەمریکا کاریگەری هەبووە لەسەر گەشەسەندی ئابووری کۆمەڵگای ئەمریکی، ئەگەر بزانین لە ڕووی ئابوورییەوە ناوچەکانی باکوور ڕێژەی پیشەسازی و بازرگانی پەرەسەندی باشی بەخۆیەوە بینوە، کە لە بەرانبەردا لە ناوچەکانی باشوور زیاتر پشت بە کشتوکاڵ دەبەسترا، ئەمەش تا دەهات لە هێزو توانای زەوییەکانی کەم دەکردەوە، چونکە زیاتر پشتیان بە کاری کۆیلەکان دەبەست و ئامرازەکانی بەرەو پێشەوە چوونی کشتوکاڵیان بەکار نەدەهێنا. ئیتر ئەم جیاوازییە ئابوورییە لە نێوان ناوچەکانی باکوورو باشوور لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم جیاوازییەکی بە ڕوونی پێشان دەدات، کاتێك لە ناوچەکانی باکوور شێوەی شاری دیموکراسی، سەرمایەداری، فراوان لە ڕووی دانیشتوان و بەرەوپێشەوە چوو لە ڕووی پیشەسازی بە دی دەکرا، بەڵام لە ناوچەکانی باشوور دواکەوتوو لە ڕووی گەشەسەندن، کشتوکاڵی، پارێزەر لە داب و نەریت و خۆبەزلزانی و بۆ چوونی تایفەرگەری دەبینرا[٣].

دواجار لەگەڵ ئەمانەی ئاماژەیان بۆ کراو، کەڵەکەبوونی جیاوازییە ناوخۆییەکان بوونە هۆکاری سەرهەڵدانی شەڕێکی ناوخۆ کە لە تەوەری داهاتوو باسی ئەم هۆکارانە دەکەین.

---

(١) ئەوەی لە سەردەمی داریشتنی دەستور کێشەی نایەوە ڕێك نەکەوتنی دانانی ڕێژەی ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران بوو بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوان، لەبەر ئەوەی باکوورییەکان بە هۆی زۆری کۆیلە لە باشوور بەمە ڕازی نەبوو، بە بیانووی ئەوەی کۆیلەکان بۆیان نییە خۆیان بپالێون و بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن. دواجار ئەم کێشەیە چارەسەرێکی مام ناوەندی بۆ دۆزرایەوە لەسەر بنەمای( پێنج بەندە بەرانبەر بە سێ کەسی ئازاد). لیدیا بجورنلوند، دامەزراندنی ئەمەریکا و دەستوورەکەی، وەرگێڕانی: ئەبوبەکر خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٦٧.

(٢) د. عەونی عەبدولرەجمان سەبعاوی، مێژووی ئەمریکا( نوێ و هاوچەرخ)، وەرگێڕانی:د. محمد عبدالله کاکەسور، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠، ل ١٥١ بە دواوە.

(٣) د. ناهد ابراهيم دسوقي، دراسات في التاريخ الامريكي، دار المعرفة الجامعية، مصر، ١٩٩٨، ص٩٥؛ CLASS NOTESAMERICANHISTORY by Levi Anthony THE AMERICAN CIVIL WAR (1861-1865) www.uncoverhistort.com/notescivil/war.pdf.

## تەوەری دووەم: هۆكارەكانی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ

پەرەسەندنە سیاسییەو كۆمەڵایەتیو ئابوورییەكان لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، دواجار شەڕی ناوخۆی بە دوای خۆیدا هێنا كە لە ساڵی(١٨٦١) دەستی پێكردو تا ساڵی(١٨٦٥) بەردەوام بوو. ئەم شەڕی ناوخۆیەش زادەی چەند هۆكارێكی ناڕاستەوخۆو هۆكارێكی ڕاستەوخۆی بوو.

شیاوی باسە، لە مەو بەر ئاماژەمان بۆ ئەو پەرەسەندنە ئابوورییانە كرد كە ئەمریكا بەخۆیەوە بینی، كە دواتر ململانێی نێوان ولایەتەكانی باكوورو باشوور لێكەوتەوەو، بووە هۆكارێكی سەرەكی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ، چونكە جیاوازییەك لە نێوان باكوورو باشوور لە ڕووی گەشەسەندنی ئابووری بەدی دەكرا. ئەوەشی جیاوازییەكانی زەق كردەوەو ململانێیەكانی لە ڕووی ئابوورییەوە زیاتر دەرخست، كاتێك مەسەلەی باجی گومرگیو دابەشكردنی زەوییەكانی ڕۆژئاوا هاتە ئاراوە، لەبەر ئەوەی باشوورییەكان بە پشت بەستن بە هەناردەكردنی بەرووبومە كشتوكاڵییەكانیان بۆ دەرەوەی وڵات، ئارەزووی دانی بڕێكی زۆری باجیان نەدەكرد، هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا كۆك نەبوون حكومەتی فیدراڵ هەنگاو بۆ چاكسازی بهاوێتو یارمەتی پرۆژەكانو دابینكردنی قەرز بۆ كۆمپانیاكانو خاوەن كارەكان بكات بۆ مەبەستی ئەنجامدانی پرۆژە چاكسازییەكان، وەكو دروست كردنی ڕێگاو بانەكانو قیرتاوكردنیان، جگە لە وەش دژی سیستەمی بانكو پارەی حكومیو گەشەسەندنو فراوان بوونی كۆمپانیاكانو پیشەسازییە گەورەكان بوون، بەڵام لە بەرانبەر ئەوەدا باكوورییەكان بۆ پاراستنی پیشەسازی وڵات پابەندبوون بە بەرزبوونەوەی باجە گومرگییەكانو، داوایان لە حكومەتی فیدراڵ دەكرد هەنگاو بهاوێت بۆ چاكردنی هۆكارەكانی گواستنەوەو گەیاندن، هەروەها هیوایان دەخواست حكومەت یارمەتی پێشكەوتنی كۆمپانیاو پرۆژە داراییە گەورەكانی ژێر دەسەڵاتیانو ڕێكخستنە ئابوورییە نەتەوەییە لە سەرجەم وڵات بدات[1].

مەسەلەی دابەشكردنی زەوییەكانی ڕۆژئاوا، فاكتەرێكی دیكەی دیاربوو لە فاكتەرەكانی ململانێی ئابووری لە نێوان ویلایەتەكانی باكوورو باشوور، لێرەشدا كاتێك باكوورییەكان داوای ئەوەیان دەكرد زەوییەكانی ڕۆژئاوا دابەش بكرێت بەسەر كۆچبەرو جوتیارە بچووكەكان بە نرخێكی كەم یان بە بێ نرخ، خاوەن كێڵگە گەورەكان لە باشوور بە دژی بەرژەوەندییەكانی خۆیان لێكدایەوە، چونكە ئەوان پێیان باش بوو ئەو زەویانە بە نرخی گران دابەش بكرێت، بۆ ئەوەی ببێتە ڕێگر لە نزمبوونەوەی نرخی بەروبوومە كشتوكاڵییەكان، هەروەها بۆ ئەوەیان بوو ڕێگری لە سیستەمی ئازاد بگرن لەو زەوییانە، تا لەم ڕێگایەوە ویلایەتی دیكەی ئازاد دروست نەبێت، بەڵكو ویلایەتی كۆیلەداری بێتە دامەزراندن، بۆ ئەوەی هاوسەنگی نێوان ویلایەتە ئازادەكانو كۆیلەدارەكان بپارێزن[2].

زەقبوونەوەی كێشەو ململانێیەكانی نێوان ویلایەتەكانی باكوورو باشوور، مەسەلەی كۆمەڵایەتیش بە دوای خۆیدا هێنا، كاتێك كێشەی كۆیلەكان بەباڵاتر لە كێشەكانی دیكە دەبینرا. لێرەشدا هەر لە سەرەتای دامەزراندنی كۆمەڵەو ڕێكخراوە داكۆكیكارەكان لە نەمانی كۆیلە لە ساڵی (١٨١٥)، بۆ ئەوەی خاوەن كۆیلەكان بە ئاشتی مەسەلەی نەمانی كۆیلە

---

(١) د. عبدالعزیز سلیمان نوار ود.محمود محمد جمال الدین، تاریخ الولایات المتحدة الامریكیة...، ص ١٠٧ ؛ د. عەونی عەبدولرەحمان سەبعاوی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٥.

(٢) ساڵی(١٨١٨) كاتێك ویلایەتی(ئیلیونی) هاتە ڕیزی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا، ژمارە ویلایەتەكان بریتی بوون لە: (١٨) ویلایەتی كۆیلەدارو(٢١) ویلایەتی ئازاد. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د. صلاح احمد هریدي، دراسات في التاریخ الامریكي، درا الوفاء لدنیا الطباعة و النشر، الاسكندریة، ٢٠٠٠، ص ١٦٠-١٦١.

پەسند بکەن، بە هیواشی هەنگاویان بۆ هاویشت. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە لەسەر ئاستی جەماوەریش لە ساڵی(١٨٣١) بۆ یەکەمین جار لە( نیویۆرك) ڕۆژنامەیەك دژی کۆیلەگەری هاتە دامەزراندن[١]. ئیتر ئەو پەرەسەندو داکۆکی کردنە لە مافی کۆیلە، بووە مایەی مەترسی خاوەن کێڵگەکانی باشوور، چونکە ئەوان بە مەترسییەکی گەورەیان بۆ سەر بنچینە کۆمەڵایەتییەکان لێکدەدایەوەو، باوەڕیان وابوو کە کۆیلەکان بە هیچ شێوەیەك شیاوی ئەوە نین بژین [٢].

باکوورییەکان کۆیلایەتیان بەستاوەتەوە بە شەڕانگێزیو کاری شەیتانییەوەو، بە پەڵەیەکیان وەسف کرد، بەڵام لە بەرانبەر ئەوەدا باشوورییەکان وەڵامیان دایەوە بەوەی" **کۆیلایەتی هەردەم بەشێك بووە لە جیهان یاخود ژیان، هەروەها داکۆکیان لەسەر ئەوە دەکرد، کۆیلایەتی کالآیەکی بەسوودو باشەو شایەنی ئەوەیە چەك هەڵبگیرێ لە پێناو پاراستنیدا**"[٣]. لێرەشدا دەوترێ، داکۆکیکردن لە سیستەمی کۆیلایەتی لە لایەن باشوورییەکان بۆ ئەوەی دەگەڕایەوە کە بڕبڕەی پشتی بەرهەم هێنانی ئەوان لۆکە بوو کە ئەمەش دەسکەوتێك بوو بەرهەم هێنانو قازانج کردنی بەبێ بوونی کۆیلە کارێکی مەحاڵ بوو، بەمەش واتە کۆیلەکان وەکو ئامرازێکی سەرەکی دارایی بۆ ئەم هەرێمانە وابوون[٤].

ساڵی(١٨٥٤) کێشەی کۆیلەکان لە کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە بوو بە کێشەیەکی سیاسی، لە ئەنجامی هاتنە ناوەوەی ویلایەتی(تەکساس) بۆ ناو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەبەر ئەوەی ئەم ویلایەتە بە پێچەوانەی ویلایەتەکانی(کالفۆرنیا، نیومەکسیکۆو یوتا) پەیڕەو لە سیستەمی کۆیلایەتی دەکرد. لێرەشدا کاتێك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هەوڵی لە خۆ گرتنی ئەو ویلایەتانە بوو، یەکێك لە نوێنەرەکان بە ناوی( دیڤید ویلموس) ئاماژەی بە پرۆژەیەك کرد بە ناوی(یاسای لە خۆگرتن) کە تیایدا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد بوو کە دەبێت ڕژێمی کۆیلایەتی قەدەغە بکرێت لەم ناوچانەی تازە دێنە ناو سنووری ئەمریکاوە[٥]. لەم سەروبەندەش لە ناو کۆنگرێسدا ئاراستەکان دابەشبوون بۆ سێ ئاراستە، یەکەمیان باشوورییەکان بە سەرۆکایەتی( جۆن کالهۆن) بە مافی کۆنگرێسیان نەدەزانی کە بوونی کۆیلایەتی لەم ناوچانە قەدەغە بکات، لەبەر ئەوەی ئەم ناوچانە موڵکی هەموو گەلی ئەمریکایە، ئیتر ڕێگری کردن لە بوونی کۆیلە ڕێگری کردنە لە مافی بەشێك لە گەلی ئەمریکیو، دەستووریش ڕێگای لەوە گرتووە، بەمەش هەموو ئامانجیان لە بوونی کۆیلە بۆ ئەوەی بوو کە یەکسان بن لەگەڵ ویلایەتە سەربەخۆکان، چونکە ژمارەیان زۆرتر بوو لە ناو کۆنگرێسدا لە دوای هاتنە ناوەی ویلایەتی( ئوریجون)و(منیسوتا). دووەمیان ئاراستە باکوورییەکان بوون کە ڕێك پێچەوانەی بوونو، لەگەڵ ئەوەش بوون کە کۆنگرێس مافی بڕیاردانی هەبێت بۆ دانانی سیستەمێکی گونجاو بۆ حکومڕانی ناوچەکان. ئاراستەی سێیەمیش، مام ناوەندی بوونو لەگەڵ ئەوەبوون دوا بڕیار بۆ خەڵکی ناوچەکە بهێڵدرێتەوە[٦]. دواجار ڕێککەوتنێکیان لە ساڵی (١٨٥٩) واژۆ کرد بە ناوی (مەیسوری)، بەمەش ویلایەتی(کالیفۆرنیا) وەکو ویلایەتێکی ئازاد هاتە ناو یەکگرتنەکەو ویلایەتەکانی( نیو مەکسیکۆو یوتا)ش

---

(١) ئەم رۆژنامەیە لە لایەن(ولیام لوید جارلیسون) دەرچوو، تیایدا داکۆکی لە مافی کۆیلەکان دەکرد، هەروەها هەوڵی بە دەست هێنانی هاوکاری پیاوانی ئاینی دەدا بۆ ئەوەی یارمەتی بدەن بۆ نەهێشتنی کۆیلایەتی بەوەی بانگەشەی بۆ بکەن کە ئەمە دژی پرەنسیپی ئاینییە. د. محمد محمود النیرب، المصدر السابق، ص ٢١٠؛ د. عبدالعزیز سلیمان نوار ود.محمود محمد جمال الدین، تاریخ الولایات المتحدة الامریکیة...، ص ١٠٩.

(٢) فریشتە نورائی، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٢.

(٣) د. ئاراس فەریق زەینەڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٩.

(٤) د. عبدالعزیز سلیمان و د. عبدالمجید نعنعي، تاریخ الولایات المتحدة الامیرکیة الحدیث، دار النهضة العربیة، بیروت، ١٩٧٣، ص١١٩؛ موجز التاریخ الامریکي، ص٩٩.

(٥) د. عەونی عەبدولرەحمان سەبعاوی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٣.

(٦) الان نیڤینز و هنری ستیل کوماجر، موجز تاریخ الولایات المتحدة، الجزء الثاني، ترجمة: محمد بدرالدین خلیل، دار المعارف بمصر، ١٩٧٦، ص١٩١ ومابعدها؛ د. محمد محمود النیرب، المصدر السابق، ص٢٢٤-٢٢٥.

**نە كۆيلايەتی تيايدا قەدەغە كرا نە بوونی كۆيلەش تيايدا بە تاوان دانرا[١]. لێرەشدا دەتوانرێ بووترێت ئەم هەنگاوەش نەبوو هۆكاری كاڵبوونەوەی كێشەی كۆيلايەتی لە نێوان ويلايەتەكانی باكوورو باشوور كە ئەنجام جيابوونەوەو شەڕی ناوخۆی لێكەوتەوە.**

**نزيك بوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەكانی سەرۆكايەتی، وڵاتی ڕووبەرووی دۆخێكی نائارام كردەوە، كاتێك ويلايەتەكانی باكوور لە ٦ی تشرينی دووەمی ساڵی ١٨٦٠( لنكۆڵن) [٢] پاڵێوراوی كۆمارييەكانيان بۆ سەرۆكايەتی هەڵبژارد، لە بەرانبەر ئەوەشدا ويلايەتەكانی باشوور كۆنگرەيەكيان بەستو بە كۆی دەنگ هەڵبژاردنی (لنكۆڵن)يان ڕەت كردەوە، ئيتر لە ئەنجامدا لە ٢٠ی كانوونی يەكەمی ١٨٦٠ (كارۆلينای باشوور) بڕياری جيابوونەوەيداو، دوای ئەوەش ويلايەتەكانی باشوور هەمان بڕياری ئەو ويلايەتەياندا[٣]. لێرەشدا ڕازی نەبوونی ويلايەتەكانی باشوور بە سەرۆكايەتی( لنكۆڵن) بوو بە هۆكارێكی ديكەی ململانێی نێوان باكوورييەكانو باشوورييەكانو، دواجار شەڕی ناوخۆی لێكەوتەوە.**

**هۆكارێكی ديكەی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ لە ئەمريكا، بۆ هۆكاری پاڵپشتی دەرەكی دەگەڕايەوە، كاتێك ويلايەتەكانی باشوور پێيانوابوو لەبەر پێويستی زۆری وڵاتەكانی ئەوروپا لە سەرووی هەموويان بريتانياو فرەنسا بە بەرووبوومی لۆكە دەبێتە هۆكاری ئەوەی يارمەتيان بدەنو دان بە جيابوونەوەيەكەيان بنێن، بۆيە پەلەيان لە مەسەلەی جيابوونەوە كرد[٤]. بەڵام خەريك بوونی ئەوروپا بە كێشەی خۆيەوە هيچی بۆ باشوورييەكان نەكرد[٥].**

**شياوی باسە، هۆكاری ڕاستەخۆی شەڕی ناوخۆی ئەمريكا، خۆی لە ڕووداوی( فۆرت سومتەر)دابينيەوە، ئەو قەڵايەی كە كەوتبووە بەندەری(شارلستون)و تاكە ناوچە بوو دوای جيابوونەوەی ويلايەتەكانی باشوور سەر بە ويلايەتە يەكگرتووەكان مابوويەوەو،(٨٠) كەسێك بە سەرۆكايەتی( روبير ئەندەرسۆن) تيايدا بوون، بەڵام زۆری نەبرد لە ١٢ی نيسانی ١٨٦١ ڕووبەرووی هێرش بوويەوە لە لايەن باشوورييەكانو دوای دوو ڕۆژ ناچار بوون خۆيان بدەن بەدەستەوە، ئيتر لە بەرانبەر ئەم هەنگاوە، ويلايەتەكانی باكوور بێ دوو دڵی لە ١٥ نيسانی هەمان ساڵ بڕياری شەڕياندا[٦]. لە دواجار لە ئەنجامی كەڵەكەبوونی ئەم هۆكارانەی كە ئاماژەيان پێكرا لە ئەمريكا شەڕی ناوخۆ بە ڕەسمی ڕاگەيەنرا.**

---

(١) د. عەونی عەبدولرەحمان سەبعاوی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٣؛ موجز التاريخ الامريكي، ص ١٠٧.

(٢) ابراهام لنكولن، لە ١٢ی شوباتی ١٨٠٩ لە كنتاكی لە دايك بووە، لە شارێكی هەژار نشين گوزەراندوويەتی، شارەزايی لە ياساو ئەدەبو سەردەمە كۆنەكانی حكومڕانی ئينگليز هەبووە، زۆر لايەنگری هەژاران بووە. ناوبراو لە ماوەی نێوان ساڵانی(١٨٤٧–١٨٤٩) ئەندامی پارتی كۆماری بووە، هەروەها ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران بووە لە( واشنتن) ئەمەش وای كردووە وەكو سياسييەك لە پەنجاكانی سەدەی نۆزدەهەم دەركەوێت، لنكولن لايەنگيری ئەوانە بوو كە داوايان دەكرد ڕژێمی كۆيلايەتی نەمێنێت. بۆيە لە هەڵبژاردنەكانی ساڵی( ١٨٦٠) باشوورييەكان دەنگيان بۆ نەدا، بەڵام سەركەوتوو بووو تا ساڵی(١٨٦٥) سەرۆكايەتی ئەمريكای كرد. بۆ زياتر زانياری بڕوانە: دوغلاس ل. ويلسون، أساس العظمة: أبراهام لنكولن حتى العام ١٨٥٤،(www.america.gov/media/pdf/lincoln2.pdf) ؛ ستيڤن ڤنسنت بنيه، امريكا، ترجمة: عبدالعزيز عبدالمجيد، مكتب الولايات المتحدة للاستعمالات، القاهرة، ١٩٤٥، ص ١١٤ و مابعدها.

(٣) د. عبدالعزيز سليمان و د. عبدالمجيد نعنعي، تاريخ الولايات المتحدة الاميركية الحديث، ص١٢٢؛ د. صلاح احمد هريدى، المصدر السابق، ص١٦٣؛ CLASS NOTESAMERICANHISTORY by Levi Anthony THE AMERICAN CIVIL WAR (1861-1865

(٤) د. عەونی عەبدولرەحمان سەبعاوی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٣.

(٥) بۆ زانياری زياتر بڕوانە: د. عبدالعزيز سليمان نەوار ود. عبدالمجيد نەعنەعی، مێژووی هەوهەرخ" ئەوروپا لە شۆڕشی فەرەنسييەوە تا جەنگی دووەمی جيهانی"، وەرگێڕانی: خاليد هەركی، چاپی يەكەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبيری، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ١٥٥ بە دواوە.

(٦) د. عبدالعزيز سليمان نوار ود.محمود محمد جمال الدين، تاريخ الولايات المتحدة الامريكية...، ص١١٦.

# کۆبەند

- ✓ پەرەسەندنە ئابوورییەکان لە بەشی باکوور، کە دواجار گەشەسەندی باری سیاسیشی بە دوای خۆیدا دەهێنا، فاکتەرێکی کاریگەربوو کە باشوورییەکان سڵی لێ بکەنەوەو هەوڵی هاوتابوونی خۆیان بدەن، هەر لەبەر ئەوەش بوو ڕووبەرووی هەموو ئەو پرۆژە پێشنیارکراوانە دەبوونەوە کە لە لایەن باکوورییەکانەوە پێشکەش دەکراو، باشوورییەکان بە مەترسی لەسەر دوا ڕۆژی خۆیان لێکدەدایەوە.
- ✓ گرنگیدان بە فراوانخوازیو لکاندنی ویلایەتە تازەکان بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، کارێکی ئاوەها ئاسان نەبوو، کاتێك دژایەتیو ناکۆکی نێوان ویلایەتەکانی سەبارەت بە شێوازو سیستەمی نیشتەجێ بوونی لێکەوتەوە، دواجاریش بووە فاکتەری مەترسی کاتێك هەر یەك لە ویلایەتەکانی باکوورو باشوور، بە چاوی بەرژەوەندییە ئابووریو سیاسی بوونی دەسەڵاتەکانیان تەماشای ئەم ناوچە تازانەیان دەکرد.
- ✓ بوونی ڕێژەیەکی زۆر لە کۆیلە لە ویلایەتەکانی باشوورو، ڕەتکردنەوەی لە لایەن ویلایەتەکانی باکوور کە دواجار ئەو کێشە یەکێك بوو لە فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، خۆی لە تێروانینی جیاواز باکوورییەکانو باشوورییەکاندا دەبینی، چونکە باکوورییەکان بوونی ژمارەیەکی زۆر لە کۆیلە، بە مەترسی دەزانی بە تایبەت لە بەشداربوونیان لە پرۆسەی دیموکراتی، چونکە تای تەرازووی بە لای باشوورییەکان دەگۆڕی. ئەوە لەلایەك، لە لایەکی دیکەشەوە باشوورییەکانیش جگە لەوەی بوونی کۆیلەیان وەکو پارسەنگی سیاسی سەیر دەکرد، پێیان وابوو بۆ ئەوان وەکو دەستکەوتێکی ئابووری گرنگیش وایە.
- ✓ شەڕی ناوخۆی ئەمریکا لە پێناو پاراستنی یەکێتی سیاسیو یەکرێزی ئابووریو، نەهێشتنی دژایەتی کۆمەیەڵاتی لە نێوان باکوورو باشوور هەڵگیرسا، کە لە دواجاریش بە کۆتایی هاتنی شەڕەکە ئەوەی دەستبەر کرد.

# لیستی سەرچاوەکان


## کتێب بە زمانی کوردی

د. ئاراس فەریق زەینەڵ، مێژووی ئەمریکا لە کۆنەوە تا ئەمرۆ، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، ٢٠١٠.

د. عبدالعزیز سلیمان نەوار ود. عبدالمجید نەعنەعی، مێژووی هەوهەرخ" ئەوروپا لە شۆڕشی فەرەنسییەوە تا جەنگی دووەمی جیهانی"، وەرگێڕانی: خالید هەرکی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٩.

د. عەونی عەبدولرەحمان سەبعاوی، مێژووی ئەمریکا( نوێو هاوچەرخ)، وەرگێڕانی:د. محمد عبداللە کاکەسور، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٠.

فریشتە نورائی، مێژووی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیو سیاسیی ئەمریکا، وەرگێڕانی: هەورامان فەریق کریم، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٧.

لیدیا بجورنلوند، دامەزراندنی ئەمەریکاو دەستوورەکەی، وەرگێڕانی: ئەبوبەکر خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی روون، سلێمانی، ٢٠٠٧.

## کتێب بە زمانی عەرەبی

الان نیڤینز و هنری ستیل کوماچر، موجز تاریخ الولایات المتحدة، الجزء الثاني، ترجمة: محمد بدرالدین خلیل، دار المعارف بمصر، ١٩٧٦.

ستیڤن ڤنسنت بنیه، امریکا، ترجمة: عبدالعزیز عبدالمجید، مکتب الولایات المتحدة للاستعمالات، القاهرة، ١٩٤٥.

د. صلاح احمد هریدي، دراسات في التاریخ الامریکي، درا الوفاء لدنیا الطباعة و النشر، الاسکندریة، ٢٠٠٠.

د. عبدالعزیز سلیمان و د. عبدالمجید نعنعي، تاریخ الولایات المتحدة الامیرکیة الحدیث، دار النهضة العربیة، بیروت، ١٩٧٣.

د. عبدالعزیز سلیمان نوار ود.محمود محمد جمال الدین، تاریخ الولایات المتحدة الامریکیة من القرن السادس عشر حتی القرن العشرین، دار الفکر العربي، مصر، ١٩٩٩.

د. محمد محمود النیرب، المدخل في تاریخ الولایات المتحدة الامریکیة، الجزء الاول حتی ١٨٧٧، البطعة الاولي، درا الثقافة الجدیدة، مصر، ١٩٩٧.

موجز التاریخ الامریکي، مکتب الولایات المتحدة للاستعمالات، قاهیرة، دون سنة الطبع.

د. ناهد ابراهیم دسوقي، دراسات في التاریخ الامریکي، دار المعرفة الجامعیة، مصر، ١٩٩٨.

## گۆڤار

عبدالخالق عبداللە و ئەنوەر مستەفا، رژێمی سیاسی– قانونی ی ئەمریکا، گۆڤاری( سیاسەتی دەولی)، ژمارە(٤)، هەولێر، ١٩٩٤.

## ئینتەرنێت

دوغلاس ل. ویلسون، أساس العظمة: أبراهام لنکولن حتی العام ١٨٥٤،(www.america.gov/media/pdf/lincoln2.pdf).

CLASS NOTESAMERICANHISTORY by Levi Anthony THE AMERICAN CIVIL WAR (1861-1865) www.uncoverhistort.com/notescivil/war.pdf .